

# چەمکی هونەری مۆدێرن

جەزا بەکر

هونەر بە چەمکە ئەوروپاییەکەی لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە دەستی پێ کردووە. واتە هێدی هێدی بووە کارێکی پڕ لە داهێنانی سەربەخۆ بەتەواوی لە هونەری تەلارسازی جودابووەوە چیدی هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازی پاشکۆیەک نەبوون لەپێناو جوانکردنی هونەری بیناسازیدا. بەڵکو هونەری نیگارکێشانی زەیتی پشتی دەبەست بە ڕەنگ و ماتریاڵی دیکە. کە لەپێش دا لە سەردەمی هونەری مەسیحی دا بڵاونەبوو. هەروەها پەیکەری پڕ لە تەعبیر بە دەرکەوت کە تەعبیری لە خودی بابەتەکە دەکرد. وەکو (شازادە، پاڵەوان و ژن... هتد) هەر هەموو ئەمانەیش لە چوارچێوەی ستایڵدان.ولە واقعی ڕاپۆرت ئامێزەوە دروست کرابوون لەمیانەی ڕوداوێکی مێژووی یان واقعی یان ئەفسانەیی.

لە بەردەم ئەم هونەرەشدا کە ناوزەد دەکرێت بە هونەری (مۆدێرن)، چەندنی یاساو ڕێسا بە دەرکەوت. بەڵکو فەلسەفەی ستاتیکای هونەر تاکو خزمەتی ئەم هونەرە بکات و ببێتە پاڵپشتی مەعریفی. بەمجۆرە ئەم هونەرە بەردەوام لە پێشکەوتندایە لەپێش دا ئامانجی هونەرمەند تەنیا کۆپی کردنەوەی مەتریاڵ بوو. تەنیا کارامەیش ئەوە بوو چۆن مەتریەڵ کۆپی بکەیتەوە، بەڵام هونەرمەند هەمیشە هەوڵدەدا واقعی باو تێپەڕێنێت لە میانەی پرۆسەی چونە نێو قوڵایی لایەنی تەکنیکی و بەرجەستەکردنی چەمکە ستاتیکیە پەتیەکان. بەم جۆرەش بزاڤە هونەریەکان بەدەرکەوتن کە زیاتر لەپێناو خزمەت کردنی هونەر بۆ هونەردابوون. بەڵام گۆڕانی گەورە لەکۆتای سەدەی نۆزدەهەمداو لەمیانەی سەدەی بیستەمەوە هاتە گۆڕێ.. بەجۆرێک ژمارەی ئەو هونەرمەندانەی کە پشتیان لەواقع دەکرد بەرەو زیادبوون دەڕۆیشت، بەڵکو وایان دەبینیەوە کە واقع بەربەستێکە لەبەردەم (سەربەستی ئەفراندن)دا.

**(فەلسەفەی مۆدێرنە)**

مۆدێرنە ڕەوشێکە کە تاک لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاریەوە تێیدا دەژی، بەڵام بەبێ هەبوونی ڕۆچون لەنێو سەرسامی و دڵەڕاوکێ دا ناتوانێت هۆشیاری لە هەمبەردا هەبێت. ژیان لەپێناو بە مۆدێرنەکردنی شێوازەکانی خۆی هەمیشە بەرەو پێشەوە دەچێت و لە هەوڵی زیاتر پتەو کردنی پێگەی خۆیدایە تاکو سەربەخۆ بێت لەگشت هەڵوێستە ئایدیۆلۆجیەکان لەپێناو بەدەست هێنانی ئازادی دا. چونکە بەربەستە ئایدیۆلۆجیەکان هەمیشە بونەتە ڕێگە لە هەمبەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەمەیش نوێخوازی لەسەر ئاستی ژیانی ڕۆژانە بۆتە شتێکی بەڵگەنەویست.

نوێگەری لەپێش هەموو شتێکدا پرۆسەیەکەیان زنجیرە پرۆژەیەکە لەنێو کۆمەڵگەیەکی دیاری کراودا بە دەردەکەوێت و هێزی بەرهەم هێنان و میکانیزمی کارکردن بەرەو پێشەوە دەبات و هەولیش دەدا دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ڕامیاری لەنێو دەزگایەکی پتەودا کۆبکاتەوە. لەهەمان کات دا مومارەسەکردنی ئازادی لەنێو کایەی سیاسی دا، فەراهەم دەکات بە مەبەستی بەشداری کردن لە ژیانی گشتی سەرباری ئەوەش بە هاویاساکان بە شێوازێکی مرۆیی ڕێک دەخات تاکو ببێتە (علمانیەتێکی پەتی) بۆئەوەی ملکەچی هەر بیرو باوەڕێک یان ئایدۆلۆجیایەکی دیاری کراو نەبێت. کاتێکیش باس لە پرۆسەی ئاڵوگۆری وێناو نێورەکان دەکەین، بە ئاوایەکی دیکە، ڕەخنەی هونەری و چێژوەرگرتنی گشتی، ئەوا پێویستە باکگراوندی، مێژووی و ژیاری بخوێنینەوە، ئەوەی کە تایبەتە بە کودەتای فیکری، لەرووی ئاڵوگۆرکردن لە بەهاو ستایڵ و بزاڤە هونەریەکان. بە ئاوهایەکی دی جولەی کێشمەکێشی نێوان ئەم بزاڤە هونەریانەی کە دەروازەیان لەبەردەم مۆدێرنەدا واڵاکرد.

تەنیا شتێکیش کە پێویستە لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە بەها ستاتیکیەکان شتێکی ڕەها نین. بەهای ستاتیکی لە دۆخێکی جێگیردا نامێنێتەوە، مێژووی هونەر، هەمیشە بەرەو سەربەستی ئەفراندنی هونەری دەگۆڕێت. مۆدێرنە لە بنەرەتدا لەسەر هەڵوێستێکی ڕێژەیی دامەزراوە، دیارە لە بەرەبەیانی مێژووەوە، پێشکەوتنی پەیوەندی نێوان بەهای هونەری و فیکری و ئاینی و کۆمەڵایەتی گەلێک ئاڵوگۆری سەرەدا هاتووە. هەژاندنی ژیاری گەورە ڕوویداوە، ئەم هەژاندنە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک لەنێو مێژووی هونەرو ئەدەب و فیکردا ڕوویداوە، بە جۆرێک ئەم ، هەر بە هەژاندنی زەمین لەرزە دەچێت کە دەتوانین دابەشی بکەین بەسەر سێ جۆری سەرەکی دا.

١- هەژاندنی سانا (Tremors)/ ئەم هەژاندنە پەیوەستە بە مۆدەوەو زیاتر پەیوەندی هەیە بەو ئاڵوگۆرانەی کە نەوەکان بەدوای خۆاین دا دەیهێنن، کە لە دە ساڵ زیاتر ناخایەنێت.

٢- هەژاندنی گەورە (Displacement)/ خەسڵەتی ئەمجۆرەیان بریتیە لە گۆڕانی گەورەو بەرفراوان. کە بە زۆری کاریگەریەکانی بۆماوەی چەند سەدەیەک بەردەوام دەبێت.

٣- وێرانکەرو ڕامالین (Cataclysm)/ بریتییە لەو ڕامالینەی کە پانتاییەکی گەورە لە بونیادی ژیاری و فیکری ڕاپێچ دەکات و بێجگە لە مشتەخۆڵێک چیدی لە دوی خۆی جێناهێڵێت.

هونەری مۆدێرن لە دەرەنجامی ئەمجۆرەی هەژاندنە هاتۆتە گۆڕێ، کە گشت بونیادی هونەری و چەمکی ڕابردووی ڕامالی، بە ئاوایەکی دی هونەری مۆدێرن خۆی لە خۆیدا بریتییە لە هێزی ڕامالین.

**خەسڵەتەکانی هونەری مۆدێرن**

١- هونەری مۆدێرن، بە واتای ئەفراندن دێت، کۆپی کردنەوەی مەتریال ڕەت دەکاتەوە لە هەمان کاتدا وەدوکەوتنی هونەری دێرینیش ڕەت دەکاتەوە.

٢- چیدی وەزیفەی هونەر تەعبیر کردن نییە لە ئامانجێکی ئایینی یان ئاکاری دیاری کراو، بەڵکو تەعبیر کردنە لە ئەزموونە خودیە پەتیەکان بێ گوێدانە ناوەرۆکی بابەت گەرایی.

٣- بەپێی دیدەنیگای هونەرمەندە مۆدێرنەکان چیدی مەتریەڵ هەڵگری جوانیەکی خودی نییە، بەڵکو مەتریەڵ لە دەرەنجامی تەعبیرکردنی هونەری ئاوێزان بە هەستی وردو فەنتازیای ڕەهاو لە دووتوێی ئەفراندنی ناوازەوە جوانە.

٤- هونەرمەندی مۆدێرن لە واتای هونەری زەمەنی نێزیک بووەوە، ئەمەیش لەدوای ئەوەوە دێت کە هەوڵی دا بە ڕواڵەتێکی ئەبستراکتی دەربکەوێت کە زنجیرەیەک مانای قوڵی بێ کۆتای لەخۆگرتووە. هەروەها پەنای بردەبەر هونەری (مۆبایل) لە نیگارکێشان و پەیکەرسازی دا.

٥- چیدی هونەرمەند پشت بەو شێوازو تەکنیکە نەدەبەست کە ڕێی لە ستایلی تەعبیر کردن دەگرت، بەڵکو جۆرەهایەک ماتریالی نامۆی لەسەر ڕوکەشی کەڤاڵ بەکاربرد. وەک کاغەزو تەختەو ئاسن. هەروەها مەتریالی پەیکەرتاشی گۆڕا بە شیشی کانزایی بە هەموو جۆرەکانیەوە لەگەڵ تێکەڵ کردنی پاشماوەی ئامێرەکان.

٦- هونەری مۆدێرن تەعبیر کردنە لە ڕۆحی سەدەی بیستەم، سەدەی ژیارێکی جیهانی هاوبەش، کە مرۆڤ لە هەموو کونجێکی ئەم جیهانەدا هەڵپەی پێش برکێیەتی بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی زانست و ژیانی گەردونی.

